https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# دیسلێکسیا لە لای قوتابییانی زانکۆ: بواری خوێندنەوە

پ. ی. د. دلێر صادق کانەبی        م. کاروان کاکەبرا کاکەمد

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی زمانی کوردی

Diler.kanaby@soran.edu.iq        Karwan.kakamad@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە**

ئاستەنگی فێربوونی خوێندنەوە بە یەکێک لە گرفتە هەرە دیارەکانی فێربوون دادەنرێت، لەگەڵ چوونی قوتابی بۆ زانکۆ ئەم ئاستەنگە زیاتر دەردەکەوێت. ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا لای قوتابییانی زانکۆ. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندێتی بەکارهاتووە. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) قوتابی زانکۆ، ٣١٠ (٧٤.٨٨٪) نێر و ١٠٤ (٢٥.١٢٪) مێ کە نموونەکە بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردرابوون. پاشان بە جێبەجێکردنی سەرجەم هەنگاوە سایکۆمەتریەکان پرسیارنامەیەکی (٢٤) بڕگەیی بە شێوەی (Five- Likert_ Scale) بنیاد نرا. پاشان بە ڕێگای دووبارە پێوانەکردنەوە جێگیریی پرسیارنامەکە ($r$=٠.٩٣١) بوو. لە دوای بەکارهێنانی یاسای (T. Test) دەرکەوت کە ئاستی بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا لە لای نموونەکە زۆر بەرزە، هەروەها لە دوای بەکارهێنانی (Regression) ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەز کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لەسەر بواری خوێندنەوە و ڕەگەزی نێر لە مێ زیاتر دووچاری بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا دەبێتەوە، بەڵام ئەوە دەرکەوت کە شێوەی نووسینی ڕاستان و چەپان کارناکاتەسەر دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا. لە هەمان کاتدا لە دوای بەکارهێنانی یاسای (ANOVA) ئەوە دەرکەوت کە ئەو کەسانەی زەبر بەر مێشکیان کەوتووە زیاتر دووچاری بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا دەبنەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتووە و ئەو کەسانەی زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە ئاستی دیسلێکسیایان لەو کەسانە بەرزترە کە زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەوتووە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی بۆ دەزگا فەرمییەکان پێشکەش کرد.

## دیسلێکسیا لە لای قوتابییانی زانکۆ: بواری خوێندنەوە

### پێشەکی

دیسلێکسیا یەکێکە لە گرفتەکانی فێربوون تیایدا کەسی توشبوو گرفتی لە خوێندنەوە و ناسینەوەی وشە و پیتەکان و چۆنیەتی دەربڕینی وشە و نووسین هەیە، هەروەها دیسلێکسیکەکان کێشەیان لە تێگەیشتن و جێەجێکردنی پرۆسە زمانییەکان هەیە. لەگەڵ ئەوەی ئاستی زیرەکی، هەڵچوونی و بینینیان ئاساییە، بەڵام بەردەوام گرفتیان لە خوێندنەوە و نووسیندا هەیە.

وەک ئاشکرایە قوتابییان لەگەڵ چوونیان بۆ زانکۆ لە لایەن مامۆستایانەوە چەندین ئەرکی جۆراوجۆریان پێ دەسپێردرێت کە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی چڕی کتێب و توێژینەوە و گۆڤاری زانستی هەیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە ئاستی زانیارییان بەرزبێتەوە، وەک پێویستییەکیش بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەرکە زانکۆییەکانیان کەڵکیان لێوەربگرن، بۆ نموونە زۆرێک لە هەڵسەنگاندنەکانی قوتابی پێویستی بە نووسینی ڕاپۆرت و کویز و تاقیکردنەوە هەیە، یان لە کاتی گوێگرتن لە وانەکاندا پێویستی بە نووسینی تێبینی هەیە لەسەر بابەتەکان. بێگومان هەموو ئەو ئەرکانەش پێویستییان بە ئاستێکی لانی کەم مامناوەندی کارامەیی خوێندنەوە و نووسین هەیە. لە بارودۆخێکی وادا کە قوتابییان ناکارامەن لە نووسین و خوێندنەوەدا و دیسلێکسیکن یان هەر گرفتێکی دیکەی پەیوەندار بە پرۆسە زمانییەکانیان هەیە لە چەند ڕوویێکەوە دووچاری گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، بۆ نموونە هەندێک لەو قوتابییانە توانستی خوێندنەوەیان لاوازە و ناتوانن بە بەردوامی یان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بخوێننەوە، هەندێکی تریان کێشەی تێگەیشتنیان بۆ دێتەپێش لە وانە و بابەتی وانەکاندا، یاخود دووچاری گرفت دەبنەوە لە تێگەیشتن لەو شتانەی خوێندوویانەتەوە، هەندێک جار قوتابییان ناتوانن بە

بەردەوامی وەکو هاورێکانیان بابەتێک بە بێ هەڵە پێشکەش بکەن و لە هونەری خستنەڕووی بابەتدا ئێجگار لاوازن. هەندێک جاری تر قوتابییان ترسیان هەیە لە بەشداریکردن و نایانەوێت مامۆستا بەشدارییان پێ بکات بە تایبەت لەو کاتانەدا کە پێویستی بە نووسین هەیە لەسەر تەختە، یاخود هەندێک جار قوتابییان کێشەی بیرنەهاتنەوەیان بۆ دروستدەبێت و ئەو زانیارییانەیان نایەتەوە یاد کە مامۆستا لەناو پۆلدا باسی کردووە. ئەمانە و چەندین گرفتی تر کە لە ئەنجامی ناکارامەیی لە نووسین و خوێندنەوە یان دووچاربوون بە دیسکلیسیا دێنەپێش بەشێک لە قوتابییانی زانکۆ.

لە سۆنگەی هەستکردن بەو گرفتانە و لەناویاندا دیسکلیسیا، هەروەها گرنگی پێنەدانی ئەوتۆ بە دیسلێکسیا لە لایەن توێژەرانی کوردەوە بەو ئاخێوەرانەی کە دیسلێکسیایان هەیە بە تایبەتی قوتابییانی دیسلێکسیکی زانکۆ، توێژەران ئەم کێشەیەیان بە هەند وەرگرت و گریمانەی ئەوە دەکەن کە دەشێت هەندێک لە قوتابییانی زانکۆ دیسلێکسک بن و خۆیان هەستی پێ نەکەن، هەروەها توێژەران هەست بەوە دەکەن ئەم کێشە زۆر لە قوتابییانی زانکۆی تووشی گرفت کردووە و بگرە هەندێک جار بە هۆی دیسلێکسیاوە هەندێک لە قوتابییان دووچاری دواکەوتن سەرنەکەوتن دەبن لە ژیانی ئەکادیمییاندا.

پێناسەیەکی دیسلێکسیا لە ساڵی (٢٠١٩) لە لایەن ( Mayo Clinic Dyslexia) لە ئەمەریکا کراوە کە پێیانوایە دیسلێکسیا شێوانی فێربوونە کە تاک دووچاری ئاستەنگی خوێندنەوە دەکاتەوە. هەروەها ئەم دەزگایە دیسلێکسیا بە پەککەوتنی خوێندنەوەی دیاریکراو دەناسێنێت. لە هەمان کاتدا هەر لە پێناسەکەدا هاتووە کە کەسی تووشبوو ئاستی بینین و بیستن و زیرەکی ئاساییە و زۆربەی کات لە تەمەنی منداڵی ناتوانرێت ئەم شێوانە زمانییە دیاریبکرێت، تا ئەو کاتەی کەسی تووشبوو گەورە دەبێت

ئینجا نیشانەکانی دیسلێکسیای لەسەر دەردەکەوێت، و ئەم پێناسەیە ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە چارەسەری یەکجارەکی بۆ دیسلێکسیا نییە.

The National Institute of Neurological Disorders and ) Stroke) پێناسەی دیسلێکسیا بەوە دەکات کە بریتییە لە جۆرە پەککەوتنێک کە بنەماکەی بۆ مێشک دەگەڕێتەوە و دەبێتە هۆی تێکچوونی توانای تاک بۆ خوێندنەوە. دیسلێکسیەکان ئاستی خوێندنەوەیان نزمترە لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی زرنگی یاخود زیرەکییان ئاساییە، لەگەڵ ئەوەی دیسلێکسیا لە ئاستدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، واتە هەموو دیسلێکسیکەکان بە یەک ئاست دووچاری دیسلێکسیا نابن، بەڵام کەسانی توشبوو بەوە دەناسرێنەوە کە گرفتیان هەیە لە ڕێنوس و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی وەکو ئاوێتەکردنی دەنگەکان، یاخود لەکاتی وەڵامدانەوە بۆ نووسینە بینراوەکان و دەربڕینی خێرا. هەر لە پێناسەکەدا هاتووە کە زۆربەی کات دیسلێکسیا لە دوای نەشتەرگەری یاخود تێکچوونی بەشێک لە مێشک دووچاری تاک دەبێتەوە. هەروەها هەندێک جار زگماکە و لە ڕێگای بۆماوەوە لە خێزانەوە دەگوازرێتەوە. هەروەک لە پێناسەکەدا هاتووە کە بەپێی هەندێک توێژینەوەی نوێ ژمارەیەک جین هەن دەبنە هۆی گەشەکردنی دیسلێکسیا لە لای تاک (Lewis ,2013, p.41).

پێناسەیەکی تری دیسلێکسیا لە لایەن ( National Centre for Learning Disabilities , 2019) کراوە بەوەی کە دیسلێکسیا بریتییە لە پەککەوتنی فێربوون و هەروەها ئەم شێوانە بە درێژاییی ژیانی تاک بەردەوام دەبێت و کەسانی تووشبوو لە کاتی لەدایکبووندا هەیانە. کەسی توشبوو ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە لە کاتی خوێندنەوە، نووسین، ڕێنوس و تەنانەت هەندێک جار لە کاتی ئاخاوتنیشدا. لە پێناسەکەدا ئەوە هاتووە کە دیسلێکسیا بە واتای تەمبەڵی و نزمیی ئاستی زیرەکی نایەت،

هەروەها دیسلێسکیا بەهۆی کزبوونی چاوەکانەوە نییە، بەڵکو دیسلێکسیا بەهۆی کێشەی شێوانی دەمارییەوە تووشی تاک دەبێت کە دەبێتە هۆی تێکچوونی پرۆسە زمانییەکان و شیکردنەوەی ئاسایی زمان.

ئەوەی ئەم پێناسایە جیادەکەتەوە لە زۆرێک لە پێناسەکانی تر ئەوەیە کە لە زۆربەی پێناسەکانی تردا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دیسلێکسیا شێوانێکی دەمارییە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تاک دەبێت لە کاتی خوێندنەوە و نووسین و حونجەکردندا، بەڵام ئەوەی ئەم پێناسەیە جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەگەری هەیە هەندێک جار دیسلێکسیا کاریگەریی لەسەر قسەکردنیش هەبێت، واتە کەسێک قسەبکات و هەندێک فۆنیم نەدرکێنێت کە هۆکارەکەی هیچ کام لە نەخۆشییەکانی تری زمان و گوتن نەبێت، بەڵکو هۆکارەکەی دیسلێکسیا بێت.

دەتوانین بڵێین پێناسەیەکی گشتگیر نییە بۆ دیسلێکسیا کە سەرجەم پسپۆڕەکان، زاناکان و کۆمەڵەکان لەسەری ڕێککەوتبن. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە پێناسەکان تاڕادەیەکی زۆر لەیەکترەوە نزیکن و هاوبەشیی زۆر لە نێوان پێناسەکاندا هەیە.

### تیۆرەکانی دیسلێکسیا(Dyslexia Theories)

هەروەکو بابەت و گرفت و شێوانە زمانییەکانی تر، کۆمەڵێک تیۆر باسی دیسلێکسیا دەکەن. تیۆرەکان جیاوازن و بە شێوەی جیاواز هۆکارەکانی تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەخەنەڕوو، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێت تیۆرە باوەکانی دیسلێکسیا ڕوونبکرێتەوە:

### تیۆری کەموکوڕیی بینایی(Visual Deficit Theory)

یەکێک لە کۆنترین گریمانەکان سەبارەت بە تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری کەموکوڕیی بینایی. سەرەتای

لیکۆڵینەوەکان سەبارەت بە دیسلێکسیا لە لایەن پزیشکەکانەوە و بە تایبەتتر پزیشکانی چاوەوە دەستی پێکرد. لە دیارترین ئەو پزیشکانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دیسلێکسیا کردبوو بریتیبوون لە (Morgan, , Hinshelwood, Orton). ئەو پزیشکانە زاراوەی کوێریی وشەکانیان (Word blindness) بەکارهێنابوو. بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرە، کەسانی دیسلێکسیک پیتەکان و وشەکان بە شێوەی پێچەوانە دەبینن بۆ نموونە گۆڕینی ( P بۆ q، was بۆ saw، ton بۆ not) (Hinshelwood, 1895, p.1569). (Parker,1985, p.59) پێشنیازی ئەوەی کرد هەر تێکچوونێک لە سیستەمی بینین کە پەیوەندی بە بینینی پیتەکان و وشەکانەوە هەبێت دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە کوێریی وشەکان.

(Orton, 1925, p. 605-607) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دیسلێکسیکەکان کێشەی جێگۆڕکێکردنی پیتەکان و وشەکانیان هەیە، هۆکاری ئەم جێگۆڕکێکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆگاکردنی شێوەی پیتەکان لە هەردوو لای نیوەگۆی مێشک، بەڵام ئەو شێوە و پیتانەی کە دەکەونە ناوچەی بەزیو (Non-dominant) کە دەکەوێتە بەشی ڕاستی مێشک دەبێتە ئاوێنە یاخود ڕەنگدانەوە بۆ ئەو وێنانەی کە دەکەونە لای چەپی مێشک.

یەکێک لە توێژینەوەکان کە لە بواری درککپێکردنی بینینی کراوە پێشنیازی ئەوەی کردووە کە ئەو کەسانەی دووچاری دیسلێکسیا بوون پرۆسە بینینییەکان لە لایان زۆر زۆر لاوازە. ئەم کاریگەرییە دەکرێت بەهۆی دووچاربوونی تاک بە نووسینە درێژەکانەوە زیاتر ببینرێت، بە تایبەت تر ئەو وشانەی کە بۆشاییی نێوان پیتەکانیان زۆرە (Lovegrove & Heddle, 1980, p.529).

لە توێژینەوەیەکی تر کە لەسەر (١٢) منداڵ کراوە لە لایەن (Pavlidis,1981, p. 58-59) بە ناونیشانی ( Do eye movements hold the key to dyslexia) لە توێژینەوەکەدا ئەوە دەرکەوت کە کەسانی دیسلێکسیک لە کاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵە جوڵەیەکی نارێک لە چاویاندا ئەنجامدەدەن، هەر ئەم جوڵە نارێکەی چاو دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی دیسلێکسیک دووچاری لاوازی یاخود نزمیی ئاستی خوێندنەوە ببێتەوە.

یەکێکی تر لە بۆچوونەکان سەبارەت بە تیۆری کەموکوڕیی بینایی بریتییە لە فشار خستنەسەر چاو لە کاتی بینیندا. بە پێی ئەم بۆ چوونە ئەو کەسانەی کەوا فشاری چاویان لە کاتی بینیندا هەیە، بەردەوام گازندەی ئازاری چاو و ماندووبوونی چاوەکانیان دەکەن و دووچاری نائاسودەیی، نارەحەتی و سەرئێشە دەبنەوە لە کاتی خوێندنەوەدا، یاخود لە کاتی بوونی ڕووناکیی زیاد تووشی هەستیاریی چاو دەبن ( Kriss & Evans, 2005, p.350).

## تیۆری کەموکوڕیی فۆنۆلۆجی(Phonological Deficit Theory)

تیۆری کەموکوڕیی فۆنۆلۆژی گریمانەی ئەوە دەکات کە دیسلێکسیا کاردەکاتە سەر توانای تاک بۆ پێشکەشکردنی بچووکترین دانەی زمان کە بۆ دەربڕین بەکاردێت ئەویش فۆنیمە. هەر بۆیە تیۆرە فۆنۆلۆژییەکان وای بۆ دەچن کە دیسلێکسیکەکان تێکچوون و کەموکوڕییان لە پێشکەشکردن، کۆگاکردن و گەڕاندنەوەی فۆنیمەکاندا هەیە. هەروەها ئەم تیۆرە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە دیسلێکسیکەکان دووچاری لاوازیی ئاستی خوێندنەوە دەبنەوە بەهۆی ئەو کێشانەی کە ئاماژەی پێکرا. ئەوەی ئاشکرایە فێربوونی سیستەمی ئەلفوبێ پێویستی بە فێربوونی گرافیم و فۆنیمەکان هەیە و یەکگرتنێک یان پێکەوە لکانێک لە نێوان پیتەکان و فۆنیمەکان دروستدەبێت. ئەگەربێتو لە کاتی فێربوونی گرافیم و

فۆنیمەکاندا ئەم فۆنیمانە بە شێوەیەکی لاواز پێشکەشکران، کۆگاکران یان گەڕێندرانەوە، ئەوا خوێندنەوە و سیستەمی ئەلفوبێ دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە و تێکدەچێت، سەرئەنجام تاک دووچاری تێکچوونی خوێندنەوە دەبێت (Bradley & Bryant,1978, p.746-747؛ Peterson & Pennington2012, p.2001).

## تیۆری کەموکوڕیی ئەلۆفۆنی(Allophonic Deficit Theory)

ئەوەی ڕوونە لەم تیۆرەدا درککردن بە ئەلۆفۆنەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فێربوونی خوێندنەوە لە لای تاکەوە هەیە. بۆیە هەر تێکچوون یان کەموکوڕییەک لەم درککردنە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاستی خوێندنەوە لە لای تاک. ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگەیە گەشەی کرد کە دیسلێکسیکەکان بەدەست گۆڕانکاری لە درککردن بە قسەکردنەوە دەناڵێنن. واتە هەر تێکچوون لە درککردنی ئەلۆفۆنەکان ڕاستەوخۆ کاردەکاتەسەر تاک و دەبێتە هۆی دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا (Noordenbos & Serniclaes, 2015 ,p.355).

## تیۆری کەموکوڕیی ماگنۆسێلەر(magnocellular deficit theory)

ئەم تیۆرە بە بەڵگە ئەوە دەسەلمێنێت کە هێواشی یاخود هەر کەموکوڕییەک لە کردارەکانی سیستەمی ماگنۆسێلیەر دەبێتە هۆی لاوازیی خوێندنەوە، چونکە ماگنۆسێلیەر پەیوەندی بە سیستەمی بینینەوە هەیە ( Livingstone et al., 1991, p.7943). سیستەمی بینین لە دوو بەشی سەرەکیی هاوتەریب پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە سیستەمی ماگنۆسێلیەر و پارڤۆسێلیەر. سیستەمی پارڤۆسێلیەر بەرپرسە لە بینینی ڕەنگەکان و درککردن بە ماوە و کاتی وردەکاریەکانی بینینەوە. لە کاتێکدا کە سیستەمی ماگنۆسێلەر بریتییە لە وەڵامدانەوەی خێرا بۆ وروژێنەرە بینینییەکان. بەپێی ئەم تیۆرە دیسلێکسیا لە ئەنجامی لاوازی لەناو

ماگنۆسێلیەر دووچاری تاک دەبێتەوە لەبەرئەوەی ماگنۆسێلەر بەشێکە لە سیستەمی بینین. تێکچوونەکانی سیستەمی ماگنۆسێلیەر باس لە وەڵامدانەوەی خێرا و گۆڕاو دەکات بۆ وروژێنەرەکانی بینین. بۆ نموونە تێکچوونی سیستەمی ماگنۆسێلیەر دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وروژێنەرەکان. هەر بە بۆچوونی ئەم تیۆرە دیسلێسکسیا لە ئەنجامی کەمبوونەوەی هەستیاری لە سیستەمی ماگنۆسێلیەر دروستدەبێت کە ئەمەش تاک دووچاری دیسلێکسیا دەکاتەوە تاک گرفتی خوێندنەوەی بۆ دروستدەبێت (Skottun, 2000, p.111).

(Stein and Walsh) لە ساڵی (1998, p.78) لەسەر تیۆری کەموکوڕیی ماگنۆسێلەر ئەوەیان ڕوونکردەوە کە تێکچوونی کارکردنی ماگنۆسێلەر تەنها پەیوەندی بە ئاستی بینینەوە نییە، بەڵکو گشتگیرترە و پەیوەندی بە چەند لایەنێکی تریشەوە هەیە، لەوانەش لایەنەکانی (بینین، بیستن و دەستلێدان). کاتێک مێشکۆڵە کۆمەڵە تێکراوێکی زۆری لە مێشکەوە بۆ دێت، ئەم تێکراوانە بە شێوەی ماگنۆسێلەری جیاواز و فرەچەشن خۆیان دەردەخەن، ئەمەش لە ئەنجامدا کاردەکاتەسەر تاک و تاک دووچاری دیسلێکسیا دەکات. ئەم تیۆرە هۆکاری دیسلێکسیا بۆ تێکچوونێکی بایۆلۆژی دەگەڕێنێتەوە، کە ئەم تێکچوونە هۆکارێکە بۆ تێکچوونی بینین، بیستن، دەستلێدان، جوڵەی، بزوێنەر و فۆنۆلۆژی. هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت کە ئەم تێکچوونە بەهۆی کێشەی بۆماوەوە دووچاری کۆرپەلە ببێتەوە لە ڕەحمی دایک لە کاتی گەشەی مێشکدا، بۆیە هەر بە پێی بۆچوونەکە ئەم تێکچوونە کاردەکاتەسەر سەرجەم بەشەکانی مێشک.

تیۆری کەموکوڕیی سیستەمی ماگنۆسێلەر وای بۆ دەچێت کە سیستەمی ماگنۆسێلەر سیستەمی پارڤۆسێلەر کپدەکاتەوە لە کاتی جیاکردنەوەی بەشەکانی خوێندنەوەدا. بەپێی ئەم بۆچوونە ئەم

کپکردنەوەیە لە کاتی خوێندنەوەدا کاردەکاتەسەر چالاکییەکانی سیستەمی پارڤۆسێلیەر و ئەمەش دەبێت هۆی کۆتاییپێهێنان یان نەهێشتنی چالاکییەکانی ئەم سیستەمە، ئەمەش لە ئەنجامدا کاریگەری لەسەر پرۆسەی زانینی دەبێت و دیسلێکسیکەکان درک بە وردەکارییەکان ناکەن و ناتوانن لە پیتێکەوە بچنەر سەر پیتی دواتر و پیتەکانیان لێ تێکەڵ دەبێت (Volkmann, 1986).

## نیشانەکانی دیسلێکسیا لای پێگەیشتووان و قوتابییانی کۆلێژ (Signs of Dyslexia in College Students and Adults)

لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەیەکی زۆرە دیسلێکسیکەکان دەخوێننەوە، بەڵام پێویستییان بە توانا و کاتێکی زۆرە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەیان لەسەرخۆیە بە تایبەتی کاتێک کە بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، لە کاتی خوێندنەوەدا هەڵە دەکەن، جێگۆڕکێ بە فۆنیمەکان دەکەن، هەندێک فۆنیم زیاددەکەن و هەندێکی تر دەکرتێنن، هەندێک جار لە کاتی خوێندنەوەی وشەیەک وشەیەکی تری نزیک لەو لە ڕووی گۆکردنەوە دەردەبڕن و چێژی کەم لە خوێندنەوە وەردەگرن ( Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft & Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66) خۆیان لەو چالاکییانە بەدووردەگرن کە پێویستییان بە خوێندنەوە هەیە ( Mayo Clinic Dyslexia, 2019)، لە کاتی خوێندنەوەدا باوەڕبەخۆبوونیان لاوازە (National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15)، کاتێک دەیانەوێت وشەیەکی درێژ بخوێننەوە، شوێنی فۆنیمەکان دەگۆڕن (Croft & Mercer, 2013, p.1).

## دیزانی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندێتی بەکارهێنراوە. لە ڕێگای ئەم میتۆدەوە توێژەر دەتوانێت لە ڕێگای پرسیارنامەوە داتا کۆبکاتەوە و لە شێوەی ژمارە داتاکان ڕێکبخات، دواتر لە ڕێگای ئامرازە ئامارییەکانەوە شیکردنەوە بۆ داتاکان ئەنجامبدات و بگاتە ئەنجامی کۆتایی. ئەم میتۆدە ڕێگا بە توێژەر دەدات بە چەندین شێوەی جیاواز داتاکان بە ڕێگای (خشتە، پای چارت و لاین گراف) بخاتەڕوو ( Sheard, 2018, p. 430; Williams, 2007, p. 66).

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر بنەمای بەدیهێنانی چەند ئامانجێک بونیادنراوە، ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١ – گەشەپێدانی پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

٢- زانینی ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە لە لای نموونەی توێژینەوەکە.

٣- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

٤- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوەی نووسین لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

٥- زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

٦- زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی (ڕەگەز، شێوەی نووسین و زەبری مێشک) بە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوەوە.

**سنووری توێژینەوە**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆ حکومییەکانی کوردستان کە خوێندنیان بە زاری نیمچە ستاندارده و دیسلێکسیکن، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠).

**گەشەپێدانی پێوەری دیسلێکسیا (Developing the Dyslexia Questionnaire)**

**ئامانجی یەکەم:** ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گەشەپێدانی پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی چەندێتی بەستووە، بۆیە توێژەران پێویستییان بە پێوەرێک هەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە توێژینەوەکە کاریان لەسەر دەکات.

بۆ گەشەپێدانی ئەم پێوەرە توێژەران پێداچوونەوەیەکی وردیان کردووە بۆ زۆربەی تیۆرەکانی دیسلێکسیا و بۆچوونی ئەو دەزگا و ناوەندە ئەکادیمییانەی لەم بوارەدا توێژینەوە ئەنجامدەدەن. یەکێک لە مەرجەکانی گەشەپێدانی پێوەر بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لە تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشوو و پشتپێبەستنیان بۆ گەشەپێدانی پێوەرێکی زانستیی ورد (Jenn, 2006, p.32; Burgess, 2001, p.6). بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە بە پشتبەستن بە تیۆرەکانی ئەو بوارە، توێژەران (٢٦) بڕگەیان داڕشت.

سەبارەت بە بژاردەکانی پێوەرەکە، لە بەرانبەر هەر بڕگەیەکدا یەک جۆر لە بژاردە هەیە کە پێکهاتووە لە بژاردەی پێنجی (Five-Likert-Scale) (هەمیشە، زۆربەی کات، هەندێک جار، بە کەمی و هەرگیز) و لە بەرانبەر هەر بژاردەیەکدا ژمارەیەک دانراوە ( هەمیشە= ٥، زۆربەی

کات= ٤، هەندێک جار= ٣، بە کەمی= ٢ و هەرگیز= ١) ئەمەش بۆ ئەوەی توێژەران بتوانن وەڵامی بەشداربووەکان بگۆڕن بۆ ژمارە و بە ئامرازە ئامارییەکان ژمارەکان شیبکەنەوە.

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان کە خوێندن تیایاندا بە زاری نیمچە ستاندارده و دیسلێکسیکن، بەڵام لەبەرئەوەی تا ئێستا هیچ داتایەک لە لایەن زانکۆکانی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە دیسلێکسیکەکان نییە، بۆیە توێژەران ناتوانن کۆمەڵگای توێژینەوەکە دیاریبکەن.

**نموونەی توێژینەوە**

هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە بۆ زانینی ئامانجەکانی توێژینەوە بریتییە لە (٤١٤) بەشداربوو بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی مەبەستدار.

**ڕاستگۆیی**

بەپێی زانستی پێوانەکردنی دەروونی (psychometrics) ڕاستگۆیی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دروستکردنی پرسیارنامە. شارەزایانی بواری دروستکردنی پرسیارنامە ئاماژە بەوە دەکەن کەوا هیچ پرسیارنامەیەک ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت و بەکاربهێنرێت ئەگەر ڕاستگۆیی نەبێت. ڕاستگۆیی بریتییە لەو بنەمایەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ زانینی ئەوەی کە ئاخۆ پرسیارنامەکە پێوانەی ئەو دیاردەیە دەکات کە پێویستە پێوانەی بکات یان پێوانەی ناکات و پرسیارنامەکە پەیوەندیی بەو دیاردەوە نییە. هەروەها لە ڕاستگۆییدا جەخت لەسەر مانای بڕگەکانی پرسیارنامەکە و دابەشکردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە بەسەر بوارە جیاوازەکاندا دەکرێتەوە. بۆیە بۆ دەستکەوتنی دەرئەنجامێکی ورد و

دروستی زانستی پێویستیمان بە دەرهێنانی ڕاستگۆییە بۆ پرسیارنامەی ئەم توێژینەوەیە ( Messick, 1987,p .2; Drost, 2011, p. 114; Bölenius et al., 2012, p. 2; Whittemore et al., 2011, p.522).

توێژەران بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی، جۆرێک لە ڕاستگۆییان بەکارهێناوە کە پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی ڕووکەشی (Face validity). ئەو جۆرە ڕاستگۆییە بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پرسیارنامە بە شێوەیەکی ڕواڵەتیانە بەکاردەهێنرێت. ڕاستگۆیی ڕووکەشی پێمان دەڵێت کە ئاخۆ بڕگەکانی پرسیارنامەکە وا دەردەکەون کە پێوانەی بابەتەکە بکەن یاخود نا. لە ڕاستگۆییی ڕووکەشیدا پرسیارنامە لە لایەن شارەزایانەوە لە ڕووی ناوەڕۆکی پرسیارەکان و شێوەی داڕشتنی بڕگەکانەوە هەڵدەسەنگێنرێت. هەروەها لە ڕاستگۆییی ڕووکەشیدا شارەزایان بڕگە گونجاو و نەگونجاوەکان دیاریدەکەن، ئەگەر هەر بڕگەیەک پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوە هەبێت ئاماژەی پێ دەکەن ( Bölenius et al., 2012, p.2; Bolarinwa, 2015, p. 196; Leary, 2004, p.66; Sangoseni, Hellman & Hill, 2013, p. 3).

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران (١٣) سیانزە پسپۆڕیان لە بوارەکانی (زمانەوانی، زمانەوانیی دەروونی، سینتاکس، پڕاگماتیک، پزیشکیی دەروونی، پزیشکیی زمان و قسەکردن، پزیشکیی دەمار و مێشک، دەروونزانیی کلینیکی، دەرونزانیی پەروەردەیی، دەروونزانیی تێست و پێوانە دەروونییەکان و دەروونزانیی زانینی) دیاریکرد بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پرسیارنامەیەی کە توێژەران ئامادەیان کردبوو. شارەزایان ماوەی (١٥) ڕۆژیان لەبەردەستدا بوو بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستاندنی پرسیارنامەکە.

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی ڕاستگۆیی ڕووکەشی پرسیارنامەکە، توێژەران دوو یاسایان بەکارهێناوە کە پێکهاتبوون لە دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەموو بڕگەکان، هەروەها دەرهێنانی بەهای (Chi-Squared) بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی بەڵگەداری هەر بڕگەیەک. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران بەهای (Chi-Squared)ی دەرچوویان بەراوردکرد بە بەهای (Chi-Squared)ی خشتەیی کە دەکاتە (٨٤١.٣). واتە ئەگەر هەر بڕگەیەک بەهای (Chi-Squared)ەکەی لە (٣.٨٤١) کەمتر بوو، ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت (Turner, 2014, p.9. ) یاخود بڕگەیەکی تری لە جێگا دادەنرێت کە شارەزایان بە کۆی دەنگ پەسەندیان کردبوو.

لە بواری خوێندنەوەدا بڕگەی ژمارە (٦) شەش لابراوە، لەبەرئەوەی ڕێژەی سەدی و ئاستی گونجاویی بڕگەکە بەپێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٥٣.٨٤٪) و بەهای (X2 =٠.٣٨) بچووکتر بوو لە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە بڕگەی ژمارە (٦) بەڵگەداری ئاماری نییە و لە لیستی بڕگەکان لابرا. هەروەها لەبەرئەوەی ئاستی گونجاوی بڕگەکەی ژمارە (٩) بە پێی هەڵسەنگاندنی (١٣) سیانزە شارەزاکە دەکاتە (٦١.٥٪)، و بەهای (X2 = ٠.٦٩) بچووکتر بوو لە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، کەواتە ئەم بڕگەیەش بەڵگەداری ئاماری نییە لە لیستی بڕگەکان لابردراوە. لە ئەنجامدا لە کۆی (٢٦) بیست و شەش بڕگە لە بواری خوێندنەوە (٢٤) بیست و چوار بڕگە بەڵگەداری ئامارییان هەبوو و لە لیستی بڕگەکاندا ماونەتەوە.

خشتەی (١) دەرهێنانی ڕاستگۆییی ڕووکەشی بە ڕێژەی سەدی و بەهای (Chi-Squared) بۆ سەرجەم بڕگەکانی بواری خوێندنەوە

| ژ | بڕگەکان | ڕێژەی سەدی | Chi Squared $X^2$ | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لە کاتی خوێندنەوەی بەروار و ساڵدا تووشی هەڵە دەبم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢ | لە کاتی خوێندنەوەی نوسینێکدا وا هەست دەکەم پیت و ووشەکان دەجوڵێن. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٣ | لە کاتی خوێندنەوەدا ناتوانم ڕیزبەندی پیتی ووشەکان لەبەر بکەم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٤ | لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا ووشەکان تێکەڵ دەکەم/پاش و پێش دەکەم/ جێی ووشەکان دەگۆڕم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٥ | لە کاتی خوێندنەوەی ڕستەیەک یان پەرەگرافێکدا پیتەکانم لێ تێکەڵ دەبێت. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٦ | لەکاتی خوێندنەوەدا ماندوو دەبم. | ٪٥٣.٨٤ | ٠.٣٨ | بەڵگەدار نییە |
| ٧ | چێژ لە خوێندنەوە وەرناگرم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٨ | کاتێکی زیاترم پێویستە لە خەڵکانی تر بۆ خوێندنەوەی لاپەرەیەکی دیاری کراو. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٩ | گرفتم هەیە لە خوێندنەوە بە دەنگی بەرز. | ٪٦١.٥ | ٠.٦٩ | بەڵگەدار نییە |
| ١٠ | لەکاتی خوێندنەوەدا بە ئاسانی پیتە لێکنزیکەکانم بۆ جیاناکرێتەوە وەکو (ب،ن و ت،ي). | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١١ | خۆم بەدوور دەگرم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ژمارەی لاپەرەیان زۆرە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٢ | زۆرکات ناتوانم دەست و خەتی خۆم بە تەواوی بخوێنمەوە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٣ | هەوڵ دەدەم خۆم بە دوور بگرم لەو چالاکیانەی کە پێویستیان بە خوێنندەوە هەیە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٤ | لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت نابینم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٥ | هەندێک پیت دەکرتێنم لە کاتی خوێندنەوەدا. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٦ | لە کاتی خوێندنەوە هەندێک پیت زیاد دەکەم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٧ | لە کاتی خوێندنەوەدا هەندێک پیت دەگۆڕم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٨ | ووشە داڕێژرا و لێکدراوەکانم بە زەحمەت بۆ دەخوێندرێتەوە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ١٩ | حەزدەکەم ڕۆژنامەیەک بخوێنمەوە نەک کتێبێک. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٠ | بەزەحمەت دەتوانم ئەو ووشانە بخوێنمەوە کە پێشتر ئاشنایان نەبووم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢١ | هەندێک ووشە زۆر بەباشی دەزانم بەلام لەکاتی خوێندنەوەیاندا تووشی کێشە دەبم. | ٪٩٢.٣ | ٩.٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٢ | هەندێک ووشەی گران بە نزیکەیی دەخوێنمەوە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٣ | لە کاتی خوێندنەوەدا زۆر دەوەستم. | ٨٤.٦١ | ٦.٢٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٤ | لەکاتی خوێنندنەوەدا بە دەنگی بەرز هەڵەی زۆر دەکەم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٥ | لە کاتی خوێندنەوە دا دێرەکان دەپەڕێنم. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |
| ٢٦ | بە زەحمەت دەتوانم ووشە درێژەکان بخوێنمەوە. | ٪١٠٠ | ١٣ | بەڵگەدارە |

**جێگیریی دووبارە پێوانەکردنەوە**

ئەم جۆرەی جێگیری پێوانەی جێگیریی نمرە بەدەستهاتووەکانی کەسێک دەکات لە دوو کاتی جیاواز و لەژێر هەمان بارودۆخدا. بە واتایەکی تر لەم جۆرەی جێگیریدا کەسێک دوو جار و لە دوو کاتی جیاوازدا هەمان پرسیارنامە پڕدەکاتەوە. ئەم جۆرەی جێگیری جەخت لەسەر لێکنیزیکیی بەها بەدەستهاتووەکانی نێوان ئەو دوو کاتە جیاوازە دەکاتەوە. تا نمرەکان نەگۆڕبن یاخود لێکنزیک بن ئەوا جێگیری بەرزتر دەبێت.(Vilagut, 2014, p. 6622; Berchtold, 2016, p.1)

بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگای دووبارە پێوانەکردنەوە یاسای هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن ( Pearson Correlation Coefficient) بەکارهێنرا. ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا بەربڵاوەکان کە بەکاردێت بۆ دەرهێنانی جێگیری بە ڕێگای دووبارە پێوانەکردنەوە. بەهای جێگیری بە یاسای پێرسۆن لە نێوان (+١ بۆ -١)دایە، (+١) بە واتای بەرزترین بەهای پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ دێت لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم، (-١) بە واتای نزمترین بەهای پەیوەندییەکی نێگەتیڤ دێت لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم، هەروەها (سفر) بە واتای ئەوە دێت کە هیچ پەیوەندییەک نییە لە نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەمدا (Nettleton, 2014, p. 1).

لەم توێژینەوەیەدا بۆ جێگیری (٨٩) بەشداربوو بە ڕێگای ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردران، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەشداربووان لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕەزامەندی ناوی سەرجەم بەشداربووەکان تۆمار کرا. هۆکاری تۆمارکردنی ناوی بەشداربووەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم جۆرەی جێگیریدا پێویستە کە هەر بەشداربوویەک هەمان پرسیارنامە لە دوو کاتی جیاوازدا پڕبکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئاستی جێگیریی پرسیارنامەکە لە دوو کاتی جیاواز

و لەژێر هەمان بارودۆخدا بدۆزرێتەوە. پاش تۆمارکردنی ناوی بەشداربووەکان، بۆ پارێزگاریکردن لە ناوی بەشداربووان کۆدی نهێنی بۆ سەرجەم بەشداربووان دانرا. دانانی ئەو کۆدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توێژینەوەکە دوور بێت لە کێشەی ئاکاریی توێژینەوە. ماوەی نێوان پێوانەکردنی یەکەم و دووەم سێ هەفتە بوو لە ڕێکەوتی (١٦/١٢/ ٢٠١٩ تاکو ٥/١/٢٠٢٠). ئەمەش لەبەرئەوەیە کە ماوەیەک هەبێت لەو نێوەندەدا بۆئەوەی بەشداربووان وەڵامی پرسیارنامەکەیان لەبەر نەکردبێت. هۆکاری دانانی سێ هەفتە دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی ( Greenaway et al., 2015, p.2) کە دەڵێت ماوەی سێ هەفتە گونجاوە بەو مەرجەی ئەنجامی پەیوەندیی نێوان هەردوو پێوانەکە لە (r=٠.٨٥) کەمتر نەبێت.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا یاسای پێرسۆن بۆ دەرهێنانی جێگیری بە یاسای دووبارە پێوانەکردنەوە بەکارهێنراوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (*r* = ٠.٩٣١) بە (sig 2-tailed=٠.٠٠٠ ) بوو، ئەم بەهایە کەمترە لە ئاستی گوزارشتی (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداریی ئاماری هەیە و پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ لە نێوان هەردوو کاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکەدا هەیە. هەروەها بەپێی (Greenaway et al., 2015, p. 2) ئەنجامەکە پەسەندکراوە لەبەرئەوەی ماوەی تێستەکە سێ هەفتە بووە و دەرئەنجامی پێرسۆن لە (٠.٨٥) گەورەتربووە.

خشتەی (٢) دەرهێنانی بەهای جێگیریی دووبارە پێوانەکردنەوە بۆ بواری خوێندنەوە

| قەبارەی نمونەکە | Pearson Correlation | Sig(2-tailed) ٠.٠٥ | بڕیار |
|---|---|---|---|
| ٨٩ | ٠.٩٣١ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**جێبەجێکردنی توێژینەوە**

به مەبەستی جێبەجێکردنی کۆتاییی توێژینەوەکە (٤١٤) بەشداربوو لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١/٩ بۆ ٢٠٢٠/٢/٢٠) هەڵبژێردران، کە بریتیبوون لە قوتابییانی دیسلێکسیکی زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم نموونەیە بە شێوەی ناهەڕەمەکیی مەبەستدار هەڵبژێردرا. بەشداربووانی توێژینەوەکە پێکهاتبوون لە (٣١٠) ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی سەدی (٧٤.٨٨٪) و (١٠٤) ڕەگەزی مێ بە ڕێژەی سەدی (٢٥.١٢٪). (٣٨٩) ڕاستان بە ڕێژەی سەدی (٩٣.٩٦٪) و (٢٥) چەپان بە ڕێژەی سەدی (٦.٠٤٪). (٣٩٩) کەس هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتبوو بە ڕێژەی سەدی (٩٦.٣٨٪)، (٣) کەس زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەوتبوو بە ڕێژەی سەدی (٠.٧٢٪) و (١٢) کەس زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتبوو بە ڕێژەی سەدی (٢.٩٠٪)، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

خشتەی (٣) گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی ڕەگەز، شێوەی نووسین و زەبری مێشک.

| گۆڕاوەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| **ڕەگەز:**<br>نێر | ٣١٠ | ٪٧٤.٨٨ |
| مێ | ١٠٤ | ٪٢٥.١٢ |
| **شێوەی نوسین:**<br>ڕاستان | ٣٨٩ | ٪٩٣.٩٦ |
| چەپان | ٢٥ | ٪٦.٠٤ |
| **زەبری مێشک:**<br>هیچ زەرەرێک بەر مێشک نەکەوتووە | ٣٩٩ | ٪٩٦.٣٨ |
| لای ڕاست | ٣ | ٪٠.٧٢ |
| لای چەپ | ١٢ | ٪٢.٩٠ |

## خستنەڕووی ئەنجام و گفتوگۆکردن

**ئامانجی دووەم:** ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی دیسلێکسیا-بواری خوێندنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش یاسای (One Sample T. Test) بۆ بواری خوێندنەوەی دیسلیکسیا بەکارهێنرا. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٤١٤) بەشداربوو. ئەنجامی (ناوەندی ژمێری= ٨٦.٩٢٠٣) بە (لادانی پێوەری =١١.٤٦٤٦٩)، (ناوەندی گریمانەیی= ٧٢)، (ژمارەی ئازاد=٤١٣). (T= ٢٦.٤٨٠، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥)، لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێری بچووکترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە بواری خوێندنەوە لە دیسلێکسیادا بەڵگەداری ئاماری هەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیایان لە بواری خوێندنەوە زۆر بەرزە. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٣) ئەم بەهایەش گەورەترە لە (٠.٨)، کەواتە بواری خوێندنەوە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر دیسلێکسیا هەیە.

لێرەوە دەتوانین پشتڕاستی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە لایەن (Davis ,1992; Shaywitz, 2003, p. 125-127; National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15; Mayo Clinic Dyslexia, 2019; Croft, Mercer, 2013, p.1; Barton, 2012 & American Psychiatric Association, 2013, p.66) بکەینەوە کە پێیانوایە لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە دیسلێکسیکەکان دەخوێننەوە، بەڵام پێویستییان بە توانا و کاتێکی زۆرە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەیان لەسەرخۆیە بە تایبەتی کاتێک بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، لە کاتی خوێندنەوە هەڵە دەکەن، جێگۆڕکێ بە پیتەکان دەکەن، پیتەکان کەم و زیاد دەکەن، هەندێک جار لەجیاتی خوێندنەوەی وشەیەک بە

نزیکەیی وشەکە دەخوێننەوە، بە کەمی چێژ لە خوێندنەوە دەبینین خۆیان لەو چالاکییانە دووردەخەنەوە کە پێویستییان بە خوێندنەوە هەیە ( Mayo Clinic Dyslexia, 2019)، لە کاتی خوێندنەوەدا باوەڕبەخۆبوونیان لاوازە ( National Center for Learning Disabilities, 2012, p. 14-15)، کاتێک دەیانەوێت وشەیەکی درێژ بخوێننەوە، ناتوانن سەرجەم دەنگەکانی وشەکان لە شوێنی خۆیان بخوێننەوە ( Croft & Mercer, 2013, p.1). لە دوای دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەرکەوت کە دیسلێکسیای بواری خوێندنەوە لە لای بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە بەڵگەداری ئاماری هەبووە و بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوەیان زۆر بەرزە. بۆیە بۆمان دەردەکەوێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە بواری خوێندنەوە لە لایەن کۆمەڵێک توێژینەوە و دەزگا و تیۆرەوە پشتڕاستکراوەتەوە.

خشتەی (٤) زانینی ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە:

| ناونیشان | قەبارەی نمونەکە | ناوەندی ژمێری | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | ژمارەی ئازاد | P. Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| بواری خوێندنەوە | ٤١٤ | ٨٦.٩٢٠٣ | ٧٢ | ١١.٤٦٤٦٩ | ٢٦.٤٨٠ | ٤١٣ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |

**ئامانجی سێیەمی** ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لەسەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە. لە دوای بەکارهێنانی (Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر (٣١٠)شداربوو بە ناوەندی ژمێری (٨٩.٣٩٦٨) بە لادانی پێوەری (١١.٦١١٧٨)، و ڕەگەزی مێ (١٠٤) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٧٩.٥٣٨٥) بە لادانی پێوەری (٧.٠٠٣٣٦) ،

(ژمارەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ٨.١٧٠ =P ٠.٠٠٠ > ٠،٠٥). لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێری ڕەگەزی نێر لە ناوەندنی ژمێری ڕەگەزی مێ گەورەترە و لە هەمان کاتدا بەهای (P=٠.٠٠٠) کە ئەم بەهایە بچووکترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، بواری خوێندنەوەی دیسلیکسیا لە لای ڕەگەزی نێر بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ. هەروەها کاریگەریی قەبارەی (Effect size) دەکاتە (١.٠٢)، کەواتە ڕەگەز کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە هەیە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەی تیۆر و توێژینەوەکانی ( Arnett et al.,2017, p. 8; Serrallach et al, 2016, p. 4; Lambe, 1999, p. 530;) یە، کە پێیانوایە ڕەگەزی نێر ئەگەری تووشبوونی بە دیسلێکسیا لە ڕەگەزی مێ زیاترە. هەروەها بەپێی توێژینەوەی (Quinn, & Wagner, 2015,p.433) ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەز مێ دووچاری گرفتی خوێندنەوە دەبێتەوە لە توێژینەوەکەیاندا لە هەر چوار کوڕ یەکێکیان کیشەی خوێندنەوەیان هەبوو لە کاتێکدا لە هەر حەوت کچ تەنها یەک کچ کێشەی خوێندنەوەی هەبوو. لە ئەنجامی خوێندنەوەیەک بۆ تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشوو ئەوە ڕووندەبێتەوە کە گۆڕاوی ڕەگەز بە گۆڕاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا، هەروەها ڕەگەز کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر تووشبوونی تاک بە دیسلێکسیا هەیە و ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ دووچاری دیسلێکسیا دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ژمارەی بەشداربووانی ڕەگەزی نێر لە ڕەگەزی مێ زیاتر بووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ناوەندی ژمێری هەردوو گۆڕاوەکە بەستراوە بۆ دۆزینەوەی جیاوازیی ڕەگەزی.

خشتەی (٥) کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لە سەر ئاستی دیسلێکسیا-بواری خوێندنەوە

| بوار | ڕەگەز | قەبارەی نمونەکە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | ژمارەی ئازاد | Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە | نێر | ٣١٠ | ٨٩.٣٩٦٨ | ١١.٦١١٨٧ | ٨.١٧٠ | ٤١٢ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | مێ | ١٠٤ | ٧٩.٥٣٨٥ | ٧.٠٠٣٣٦ | | | | |

**ئامانجی چوارەمی** ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوەی نووسین لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، بە بەکارهێنانی یاسای ( Independent Sample T. Test)، لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت ڕاستانەکان (٣٨٩) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٨٦.٦٥٣٠) بە لادانی پێوەری (١١.٤١٢٨٤)، و چەپانەکان (٢٥) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٩١.٠٨٠٠) بە لادانی پێوەری (١١.٧٠٠٨٥) ، (ژمارەی ئازاد=٤١٢). بەهای (T= ١.٨٧٧ ، P= ٠.٠٦١ > ٠.٠٥). لەبەرئەوەی بەهای (P=٠.٠٦١) گەورەترە لە (٠.٠٥) کەواتە بەڵگەداری ئاماری نییە، شێوەی نووسینی ڕاستان و چەپان کارناکاتە سەر دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

خشتەی (٦) کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوەی نووسین لە سەر ئاستی دیسلێکسیا-بواری خوێندنەوە

| بواری | شێوەی نوسین | قەبارەی نمونەکە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T. Test | ژمارەی ئازاد | Sig. (2-tailed) | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خوێندنەوە | ڕاستان | ٣٨٩ | ٨٦.٦٥٣٠ | ١١.٤١٢٨٤ | ١.٨٧٧ | ٤١٢ | ٠.٠٦١ | بەڵگەداری ئاماری نییە |
| | چەپان | ٢٥ | ٩١.٠٨٠٠ | ١١.٧٠٠٨٥ | | | | |

**ئامانجی پێنجەمی** ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی گۆڕاوی زەبری مێشک لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هاوکێشەی ( One Way

ANOVA) بەکارهات. لە ئەنجامدا دەرکەوت گۆڕاوی زەبری لای چەپی مێشک پێکهاتبوو لە (١٢) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (١١٠.٥٨٣٣)، بە لادانی پێوەری (٩.٥٠٠٨٠)، گۆڕاوی زەبری لای ڕاستی مێشک پێکهاتبوو لە (٣) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٩٨.٠٠٠)، بە لادانی پێوەری (٢،٦٤٥٧٥)، گۆڕاوی هیچ زەبرێک پێکهاتبوو لە (٣٩٩) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٨٦.١٢٥٣)، بە لادانی پێوەری (١٠.٧٤٣٤٤) و کۆی بەشداربووان (٤١٤) بەشداربوو بە ناوەندی ژمێری (٨٦.٩٢٠٣) و بە لادانی پێوەری (١١.٤٦٤٦٩). دوای جێبەجێکردنی (ANOVA) ( Sum Of Squares)ی نێوان گرووپەکان دەکاتە (٧٣٣٩.٧١٩) بە ژمارەی ئازادی (٢)، (Sum Of Squares)ی ناو گرووپەکان دەکاتە (٤٦٩٤٤.٦٥١) بە ژمارەی ئازادی (٤١١) و کۆی (Sum Of Squares) دەکاتە (٥٤٢٨٤.٣٧٠) بە ژمارەی ئازادی (٤١٣). هەروەها (Mean Squared)ی نێوان گرووپەکان دەکاتە (٣٦٦٩.٨٥٩) و (Mean Squared)ی ناو گرووپەکان دەکاتە (١١٤.٢٢١). بەهای (F= ٣٢.١٣٠ ، P= ٠.٠٠٠ < ٠.٠٥). لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت بەهای (P=٠.٠٠٠) بچووکترە لە (٠.٠٥)، کەواتە بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێری ئەو بەشداربووانەی کە زەبر بەر مێشکیان کەوتووە گەورەترە لە ناوەندی ژمێری ئەو بەشداربووانەی کە هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتووە، لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو بەشداربووانەی زەبر بەر مێشکیان کەوتووە زیاتر دووچاری بواری خوێندنەوەی دیسلێکسیا دەبنەوە، بە تایبەتتر ئەو کەسانەی کە زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە، چونکە ناوەندی ژمێری ئەو بەشداربووانەی زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە گەورەترە لە ناوەندی ژمێری ئەوکەسانەی کە زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەتووە. لە پاشاندا بۆ زانینی کاریگەریی قەبارە ( Eta Squared) بەکارهات کە بەهاکەی بریتیبوو لە (٠.١٣٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە گۆڕاوی زەبری مێشک کاریگەرییەکی مامناوەندی لەسەر دووچاربوونی تاک بە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە هەیە.

دیسلێکسیای وەرگیراو زۆربەی کات لە ئەنجامی زەبری مێشکەوە دروستدەبێت کە کاریگەریی لەسەر شێوەی خوێندنەوە دروستدەکات. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا گۆڕاوی زەبری مێشک بۆ سەر سێ جۆر دابەشکرابوو، کە بریتیبوون لە (زەبر لە لای ڕاستی مێشک، زەبر لە لای چەپی مێشک و هیچ زەبرێک). لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەرکەوت کە ئاستی دیسلێکسیا لای ئەو کەسانەی زەبر بەر مێشکیان کەوتووە بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هیچ زەبرێک بەر مێشکیان نەکەوتووە، هەروەها ئەو کەسانەی کە زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە ئاستی دیسلێکسیایان لەو کەسانە بەرزترە کە زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەوتووە، ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوشێوەیە لەگەڵ تیۆر و توێژینەوەکانی (Elliott & Grigorenko, 2014, p.2; Siegel, 2006, p. 583).

خشتەی (٧) زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی گۆڕاوی زەبری مێشک لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە

| | زەبری مێشک | قەبارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | | Sum of Squares | ژمارەی ئازاد | Mean Squares | بەهای (F) | Sig. | ئاستی گوزارشتی ٠.٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بواری خوێندنەوە | لای چەپی مێشک | ١٢ | ١١٠.٥٨٣٣ | ٩.٥٠٠٨٠ | نێوان گرووپەکان | ٧٣٣٩.٧١٩ | ٢ | ٣٦٦٩.٨٥٩ | ٣٢.١٣٠ | ٠.٠٠٠ | بەڵگەداری ئاماری هەیە |
| | لای ڕاستی مێشک | ٣ | ٩٨.٠٠٠ | ٢.٦٤٥٧٥ | ناو گرووپەکان | ٤٦٩٤٤.٦٥١ | ٤١١ | ١١٤.٢٢١ | | | |
| | هیچ زەبرێک | ٣٩٩ | ٨٦.١٢٥٣ | ١٠.٧٤٣٤٤ | کۆ | ٥٤٢٨٤.٣٧٠ | ٤١٣ | | | | |
| | کۆ | ٤١٤ | ٨٦.٩٢٠٣ | ١١.٤٦٤٦٩ | | | | | | | |

**ئامانجی شەشەمی** ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی (ڕەگەز، شێوەی نووسین و زەبری مێشک) بە دیسلێکسیا-ب واری خوێندنەوەوە. شیکاری ئاماری (Regression) بەکارهێنرا بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆ کە بریتیبوو لە گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شێوەی نووسین و زەبری مێشک) بە دیلێکسیا- بواری خوێندنەوەوە، ئەم یاسایە بۆ زانینی

پەیوەندیی گۆڕاوێک بە گۆڕاوێکی تر و کاریگەریی گۆڕاوێک لەسەر گۆڕاوێکی تر بەکاردەهێنرێت، لەم توێژینەوەیەدا یاسای (Regression) بۆ زانینی کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە بەکارهێنراوە (McQueen & Knussen, 2006, p. 83; Coolican, 2017, 520).

بۆ زانینی سروشتی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی شێوەی نووسین بە بواری خوێندنەوە، شیکاری (Regression) ئەوەی دەرخست کە ($R^2$= ٠.٠٠٨)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە شێوەی نووسین بە ڕێژەی لە (٠.٠٠٨٪) کاریگەریی لەسەر بواری خوێندنەوە هەیە. لە هەمان کاتدا بەهای ($F$= ٣.٥٢٤، $p$=٠.٠٦١ >٠.٠٥)، کەواتە شێوەی نووسین کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی نییە لەسەر بواری خوێندنەوە، هەروەها پەیوەندی نەبووە لە نێوان شێوەی نووسین و بواری خوێندنەوە، ($\beta$= -٠.٠٩٢، $T$= -١.٨٧٧، $P$= ٠.٠٦١ > ٠.٠٥) بۆیە ئەم پەیوەندییە بەڵگەدای ئاماری نەبووە. بۆ زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک و بواری خوێندنەوە، شیکاری (Regression) ئەوەی دەرخست کە ($R^2$= ٠.١٣٥)، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە زەبری مێشک بە ڕێژەی لە (١٣.٥٪) کاریگەریی لەسەر بواری خوێندنەوە هەیە. لە هەمان کاتدا بەهای ($F$= ٦٤.٤١٢، $p$=٠.٠٠٠> ٠.٠٥)، کەواتە زەبری مێشک کاریگەریی بەڵگەداری ئاماریی هەیە لەسەر بواری خوێندنەوە، هەروەها پەیوەندی هەبووە لە نێوان زەبری مێشک و بواری خوێندنەوە، ($\beta$= -٠.٣٦٨، $T$= -٨.٠٢٦ ، $P$= ٠.٠٠٠ > ٠،٠٥)، ئەم پەیوەندییە بەڵگەداری ئاماریی هەبووە و ئەوانەی هیچ زیانێک بەر مێشکیان نەگەیشتووە بە ڕێژەی (٣٦.٨٪) کەمتر لەوانەی زیان بەر مێشکیان کەوتووە دووچاری دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە بوونەتەوە.

خشتەی (٨) Regression لە نێوان ڕەگەز، شێوەی نووسین،
زەبری مێشک و بواری خوێندنەوە

| Coefficient | | | ANOVA | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| P. Sig | T | Standardized Coefficients B | P. Sig. | F | R Square | مۆدل |
| ٠.٠٠٠ | -٨.١٧٠ | -٠.٣٧٣ | ٠.٠٠٠ | ٦٦.٧٤٧ | ٠.١٣٩ | ڕەگەز/ خوێندنەوە |
| ٠.٠٦١ | -١.٨٧٧ | ٠.٠٩٢ | ٠.٠٦١ | ٣.٥٢٤ | ٠.٠٠٨ | شێوەی نوسین/ خوێندنەوە |
| ٠.٠٠٠ | -٨.٠٢٦ | -٠.٣٦٨ | ٠.٠٠٠ | ٦٤.٤١٢ | ٠.١٣٥ | زەبری مێشک/ خوێندنەوە |

**ئەنجامەکان**

١- ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە گەشەپێدانی پێوەرێک بۆ دەستنیشانکردنی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، لە ئەنجامدا لە دوای جێبەجێکردنی سەرجەم هەنگاوە سایکۆمەتری و زانستییەکان گەیشتین بە دروستکردنی پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە.

٢- ئامانجی دووەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی ئاستی دیسلێکسیا- بواری خویندنەوە، بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەرکەوت کە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە بەڵگەداری ئاماریی هەیە و دیسلێکسیا- بواری خویندنەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.

٣- ئامانجی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی ڕەگەز لەسەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، ئەنجامی ئەم ئامانجەش بەڵگەداری ئاماریی هەبوو، هەروەها ئەوە دەرکەوت کە ڕەگەزی نێر بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزی مێ زیاتر دووچاری دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە دەبێتەوە.

٤- ئامانجی چوارەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی شێوەی نووسینی ڕاستان و چەپان لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە، لە ئەنجامدا بەڵگەداری ئاماریی بۆ ئەم ئامانجە نەبوو، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کە شێوەی نووسین کارناکەتەسەر ئاستی بەرز و نزمی دیسلێکسیا.

٥- ئامانجی پێنجەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆی زەبری مێشک لە سەر ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە. لە ئەنجامدا بەڵگەداری ئاماریی هەبوو، هەروەها ئەوە

دەرکەوت کە ئاستی دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە لای ئەو بەشداربووانەی زەبر بەر مێشکیان کەوتووە زیاترە لەو کەسانەی کە زەبر بەر مێشکیان نەکەوتووە. لە هەمان کاتدا ئەوە دەرکەوت کە ئاستی دیسلێکسیا لای ئەو کەسانەی زەبر بەر لای چەپی مێشکیان کەوتووە بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی زەبر بەر لای ڕاستی مێشکیان کەوتووە.

٦- ئامانجی شەشەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبوو لە زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی سەربەخۆی (ڕەگەز، شێوەی نووسین و زەبری مێشک) بە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوەوە. لە ئەنجامدا ئەوە دەرکەوت کە پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوە سەربەخۆکانی (ڕەگەز و زەبری مێشک) بە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە هەیە و بەڵگەداری ئاماریی هەیە و گۆڕاوەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، بەڵام گۆڕاوی (شێوەی نووسین) پەیوندی بە دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە نییە و کاریگەریشی لەسەر دیسلێکسیا- بواری خوێندنەوە نییە.

**ڕاسپاردەکان**

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕوو کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پێوانەکردنی دیسلێکسیا لای سەرجەم قوتابییانی زانکۆ پێش وەرگرتینیان لە زانکۆ.

٢- گرنگیدانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە بە بابەتی دیسلێکسیا لە ڕێگای ڕاهێنانی مامۆستایان و

سەرپەرشتیاران بۆ شارەزابوون لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابییە دیسلێکسیکەکان.

٣- لە کاتی تاقیکردنەوەدا کاتی زۆر تر بە قوتابییانی دیسلێکسیک بدرێت، هۆڵێکی تایبەتیان بۆ دابینبکرێت، پرسیارەکانیان بۆ بخوێندرێتەوە و نمرەیان لەسەر ڕێنووس لێنەشکێندرێت.

٤- پێدانی تێبینییەکانی وانەکان بە قوتابییە دیسلێکسیکەکان لە پێش دەستپێیکی وانەکان.

٥- مامۆستا ڕێگە بە قوتابییە دیسلێکسیکەکان بدات کە وانەکان لە ڕێگای تۆماری دەنگییەوە تۆماربکەن.

**پێشنیازەکان**

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێکی هێنایە ئاراوە کە دەکرێت لە داهاتوودا توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، گرنگترین پێشنیازەکان بریتین لە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک و زیادکردنی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (تەمەن، شلەژانی زمانی لای باوان و باری ئابووری).

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر منداڵانی دیسلێکسیک لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان.

## سەرچاوەکان:


- American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed.). Washington, DC: Publisher.

- Arnett, A. B., Pennington, B. F., Peterson, R. L., Willcutt, E. G., DeFries, J. C., & Olson, R. K. (2017). Explaining the sex difference in dyslexia. Journal of Child Psychology and Psychiatry, 58(6), 719-727.

- Barton, S. (2012). Warning Signs of Dyslexia. Retrieved November 1, 2019, from https://www.dys-add.com/seminars.html#anchorFreePres

- Berchtold, A. (2016). Test–retest: agreement or reliability?. *Methodological Innovations*, *9*, 2059799116672875.

- Bolarinwa, O. A. (2015). Principles and methods of validity and reliability testing of questionnaires used in social and health science researches. *Nigerian Postgraduate Medical Journal*, *22*(4), 195.

- Bölenius, K., Brulin, C., Grankvist, K., Lindkvist, M., & Söderberg, J. (2012). A content validated questionnaire for assessment of self reported venous blood sampling practices. *BMC research notes*, *5*(1), 39.

- Bradley, L., & Bryant, P. E. (1978). Difficulties in auditory organisation as a possible cause of reading backwardness. Nature, 271(5647), 746.

- Burgess, T. F. (2001). Guide to the Design of Questionnaires: A general introduction to the design of questionnaires for survey research. 1.sl: University of Leeds

- Coolican, H. (2017). *Research methods and statistics in psychology*. Psychology Press.

- Croft , L., & Mercer , D. (2013). What is Dyslexia? . Retrieved November 2, 2019, from https://www.bolton.ac.uk/library/LibraryPublications /ALS/DyslexiaAwareness.pdf signs of dyslexia in adults pdf.

- Davis , R. D. (1992). Test for Dyslexia: 37 Common Traits. Retrieved November 11, 2019, from https://www.dyslexia.com/about-dyslexia/signs-of-dyslexia/test-for-dyslexia-37-signs/.

- Drost, E. A. (2011). Validity and reliability in social science research. *Education Research and perspectives*, *38*(1), 105.

- Elliott, J. G., & Grigorenko, E. L. (2014). The dyslexia debate(No. 14). Cambridge University Press.

- Greenaway, K. H., Louis, W. R., Parker, S. L., Kalokerinos, E. K., Smith, J. R., & Terry, D. J. (2015). Measures of coping for psychological well-being. In *Measures of personality and social psychological constructs* (pp. 322-351). Academic Press.

- Hinshelwood, J. (1895). Word-blindness and visual memory. The Lancet, 146(3773), 1564-1570.

- Jenn, N. C. (2006). Designing a questionnaire. Malaysian family physician: the official journal of the Academy of Family Physicians of Malaysia, 1(1), 32.
- Kriss, I., & Evans, B. J. (2005). The relationship between dyslexia and Meares-Irlen Syndrome. Journal of Research in Reading, 28(3), 350-364.
- Lambe, E. K. (1999). Dyslexia, gender, and brain imaging. Neuropsychologia, 37(5), 521-536.
- Leary, M. R. (2004). Introduction to behavioral research methods. *Strategies*, *16*(16), 19.
- Lewis M. (2013) Dyslexia. In: Volkmar F.R. (eds) Encyclopedia of Autism Spectrum Disorders. Springer, New York, NY
- Livingstone, M. S., Rosen, G. D., Drislane, F. W., & Galaburda, A. M. (1991). Physiological and anatomical evidence for a magnocellular defect in developmental dyslexia. Proceedings of the National Academy of Sciences, USA, 88, 7943-7947.
- Lovegrove, W., & Heddle, M. (1980). Visual persistence as a function of spatial frequency and age. Perception, 9(5), 529-532.
- Mayo Clinic Staff. (2019). Dyslexia. Retrieved from: https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/dyslexia/symptoms-causes/syc-20353552

- McQueen, R. A., & Knussen, C. (2006). *Introduction to research methods and statistics in psychology*. Pearson education.

- Messick, S. (1987). Validity. *ETS Research Report Series*, *1987*(2), i-208.

- National Center for Learning Disabilities. (2012). Dyslexia Toolkit. Retrieved from: https://www.readingrockets.org/guides/dyslexia-toolkit

- National Centre for Learning Disabilities. (2019). Dyslexia Definition. Retrieved from: https://www.ncld.org/glossary/dyslexia

- Nettleton, D. (2014). *Commercial data mining: processing, analysis and modeling for predictive analytics projects*. Elsevier.

- Noordenbos, M. W., & Serniclaes, W. (2015). The categorical perception deficit in dyslexia: A meta-analysis. Scientific Studies of Reading, 19(5), 340-359.

- Orton, S. T. (1925). Word-blindness in school children. Archives of Neurology and Psychiatry, 14, 582-615.

- Parker, F. (1985). Dyslexia: An overview. Journal of Basic Writing, 4(2), 58-67.

- Pavlidis, G. T. (1981). Do eye movements hold the key to dyslexia?. Neuropsychologia, 19(1), 57-64.

- Peterson, R. L., & Pennington, B. F. (2012). Developmental dyslexia. The Lancet, 379 (9830), 1997-2007

- Quinn, J. M., & Wagner, R. K. (2015). Gender differences in reading impairment and in the identification of impaired readers: Results from a large-scale study of at-risk readers. Journal of learning disabilities, 48(4), 433-445.

- Sangoseni, O., Hellman, M., & Hill, C. (2013). Development and validation of a questionnaire to assess the effect of online learning on behaviors, attitudes, and clinical practices of physical therapists in the united states regarding evidenced-based clinical practice. *Internet Journal of Allied Health Sciences and Practice*, *11*(2), 7.

- Serrallach, B., Groß, C., Bernhofs, V., Engelmann, D., Benner, J., Gündert, N., ... & Seither, S. (2016). Neural biomarkers for dyslexia, ADHD, and ADD in the auditory cortex of children. Frontiers in neuroscience, 10, 324.

- Shaywitz, S. E. (2003). *Overcoming dyslexia: A new and complete science-based program for reading problems at any level*. Knopf.

- Sheard, J. (2018). Quantitative data analysis. *Research Methods*, 429-452.

- Siegel, L. S. (2006). Perspectives on dyslexia. Paediatrics & child health, 11(9), 581-587.

- Skottun, B. C. (2000). The magnocellular deficit theory of dyslexia: the evidence from contrast sensitivity. Vision research, 40(1), 111-127.

- Stein, J., & Walsh, V. (1997). To see but not to read; the magnocellular theory of dyslexia. Trends in neurosciences, 20(4), 147-152.
- Turner, G. (2014). Is it statistically significant? The chi-square test. In UAS Conference Series.
- Vilagut G. (2014) Test-Retest Reliability. In: Michalos A.C. (eds) Encyclopedia of Quality of Life and Well-Being Research. Springer, Dordrecht
- Volkmann, F. C. (1986). Human visual suppression. Vision Research, 26 , 1401–1416.
- Whittemore, R., Chase, S. K., & Mandle, C. L. (2001). Validity in qualitative research. *Qualitative health research*, *11*(4), 522-537.
- Williams, C. (2007). Research methods. *Journal of Business & Economics Research (JBER)*, *5*(3).

Abstract

Reading difficulties is one of the most problems that face students when they enter universities. The main purpose of this study was to measure the reading basis of Dyslexia among undergraduate university students. The researchers performed a quantitative research method, also the non-random purposive sampling was used to collect data. The study was conducted with the participation of 414 undergraduate university students which comprising 310 males (74.88 %) and 104 (25.12%) females. After following all psychometric steps (24) (Five- Likert- Scale) for reading basis of Dyslexia was developed. The T. Test result showed a very high level of dyslexia among the participants. Moreover, males show a higher level of dyslexia than females. By using regression, this research found male participants are more dyslexics than female participants. However, this research showed that left handed and right handed has no effect on dyslexia. Also, by using one-way ANOVA, the results indicated that participants who have brain injury show a higher risk of dyslexia. Participants with left hemisphere injury showed a higher level of dyslexia compares to the participants with having an injury in the right hemisphere. In conclusion, some recommendations are presented educational sectors.

**الملخص**

تعد صعوبة تعلم القراءة من أكثر مشاكل التعلم الظاهرة للعيان, و مع دخول الطالب او الطالبة الى الجامعة تتسع هذه الظاهرة و تتضح اكثر فاكثر. و كان الغرض الاساس من هذا البحث معرفة مستوى مجال القراءة في (Dyslexia ) عسر القراءة لدى طلبة الجامعة. و كانت عينة البحث المتكونة من (٤١٤)طالب و طالبة الجامعة, و بواقع ٣١٠ طالب من الذكر و بنسبة (٨٨,٧٤ % ) من عينة البحث, و ١٠٤ طالبة و بنسبة (١٢,٢٥%)من عينة البحث قد أختيرت بطريقة القصدية غير العشوائية. و لاعداد الاستبانة المكونة من (٢٤) فقرة, و على أساس(Five-Likert-Scale) قام الباحث بتطبيق كافة الخطوات السايكومترية، و لثبات المقياس قام الباحث بأعادة الاختبار و كانت درجة الثبات($r =0,931$), و بتطبيق المقياس المعد على عينة البحث و باستخدام اختبار(T.test) تبين مستوى مجال القراءة في عسر القراءة لدى عينة البحث عالية، و باستخدام( Regression ) اظهرت النتائج ان للجنس له تاثير واضح في هذا المجال و بدلالة احصائية, و ان جنس الذكر أكثر تعرضا من الانثى في هذا المجال, فضلا عن ذلك اظهرت النتائج ان الاسلوب الكتابي للاعسر و الايمن ليس لهما تأثير على تعرض الفرد للعسر القرائي, في الوقت نفسه بعد استخدام أختبار( ANOVA) أظهرت النتائج ان الاشخاص الذين تعرضوا الى صدمة في المخ أكثر عرضة في مجال عسر القراءة مقارنة بالاشخاص الذين لم يتعرضوا الى صدمة في المخ, و ان الذين تعرضوا الى الصدمة من الجانب الايسر للمخ مستوى عسر القراءة لديهم أكثر من الذين تعرضوا للجانب الايمن من المخ. و في الختام قدم البحث مجموعة من التوصيات و المقترحات للمؤسسات الحكومية المعنية.